# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

یۆتۆبۆری 3-4-2007:

# دەزگای باڵای کۆچی سویدی نەخشەی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد ئامادە دەکات

بەپێ ئەو هەوالانەی لە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی –بەشی یۆتۆبۆری وەبەدەستمان گەیشتوە،دەولەتی سوید ئیقامەی یەك سالی پەنابەران تازە ناکاتەوە و نەخشەی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران ئامادە دەکات ،لەپێناو وەستانەوە بەرامبەر بەم سیاسەتە و بریاری دریژەنەکردنەوەی ئیقامەتی یەکسالیەکان، رۆژی پێنج شەمە 5–4–2007 کاتژمیر 5 ئێوارە لە لوکالی کۆمەڵەی لاوانی کورد لە شاری یۆتۆبۆری کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ساز دەدرێ ،فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داوا لەتەواوی پەنابەران و نۆینەرانی رێکخراو و مەلبەندە کوردی و عیراقیەکان دەکات لەم کۆبوونەوەیە بەشداری بکەن ،لەو بارەیەوە بە (هاورێ فاتح) نۆینەری فیدراسیۆنەوە پەیوەندی بگرن

شۆێن:Stigbergsliden 18

**بەسپۆرڤاگنەکانی (3،9،11) بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەژمارە تەلەفوونی (031-129990)،(0762414846)،(0704454159)**

**بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بریارەکە دەقی تەرجەمەکەی کە وەرگیراوە دەخوێنیتەوە**

روونکردنەوەی بریار

بۆ تۆیەك کە

ئیقامەی کاتیت هەبووە

وە

–کەبریاری سنورداش یان دەرکردنێکی بەکارت هەیە

لەبەر ئەوە تۆ لەداوای پەناخوازیەکەتدا لەوە پێش بریاری سنورداشکردن یان دەرکرنت بۆ دەرچووە تا ئیستاش بەکارە،دەبێت دەزگای کۆچی سویدی مامەلەی ئەو داوایە بکات کە هەنووکە کردووتە،وەد داوایەك کە پراوەی ئەوەکریتەوە ئەگەر کۆسپێك لەئارادا بێت دژ بە جێبەجێکردنی بریاری پێشوو.

دەزگای کۆچی سویدی هیچ هۆیەکی نەدۆزیەوە وەك کۆسپ لەقەلەم درێت بۆ جێبەجێکردنی بریارەکە،جالەبەر ئەوە دەبێت دەست بکەین بە نەخشەدانان و خۆئامادەکردن بۆ گەرانەوە بۆ وولاتی خۆت :گەر پێویستیت بەپشتگیری و یارمەتی هەیە بۆ گەرانەوە بۆ وولاتی خۆت،دەبێت بچیت بۆ لای بەرپرسەکەت لەدەزگای کۆچی سویدی.

بەگۆیدانە ئەوەی کە داخوازیەکەت زۆر کورتە،دەمانەوێت پێت رابگەیەنیین کەمەرجە خۆت دەزگای کۆچی سویدی لەوە ئاگادار بکەیت ئەگەر کۆسپی تر دژ بە گەرانەوە بۆ وولاتی خۆت لەئارادا بێت،جگە لەوانەی دەزگای کۆچی سویدی بەهیندی گرتوون.

بەرزترین دەسەلات بۆ بریاردان لەسەر داوای پەناخوازی لەسیویدا–دەزگای بالای کۆچی سویدیە –کەلەبەرواری 26 ی فەبریوەریدا تەئکیدی لەوەکردوە کە لەباری ئاساییدا هیچ کۆسپێك لەئاردا نیە دژ بە رەوانەکردنەوەی خەڵك بۆ بەشەکانی باکوری عیراق.

IFIR: **PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal, Mobile: 07856032991**

d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk mobile: 07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

**www.csdiraq.com**